خوای گەورە ئەم کەسە دەخاتە بەهەشتەوە ئەگەر هەر کردەوەیەکی ئەنجام دابێت

لە عوبادەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی شاهێدی بدات بە (لا إله إلا الله - هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاست جگە لە الله) و الله تاکە وهیچ شەریك وهاوبەشێکی نییە، و-شاهێدی بدات- بە (محمد عبده ورسوله - موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- بەندە وپێغەمبەری خودایە)، و-شاهێدی بدات- بە (عیسی عبد الله ورسوله - وعیسا بەندە وپێغەمبەری خودایە)، وعیسا وشەی خودایە کە ناردی بۆ مەریەم وڕۆحێکە لە لایەن خوداوە، و-شاهێدی بدات- بەوەی کە بەهەشت هەق وڕاستییە ودۆزەخ هەق وڕاستییە، ئەوا خوای گەورە ئەم کەسە دەخاتە بەهەشتەوە ئەگەر هەر کردەوەیەکی ئەنجام دابێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێك وشەی تەوحید -یەك خوا پەرستی- بڵێت وماناکەی بزانێت وکردەوەی پێبکات، وشاهێدی بدات بە بەندایەتی وپێغەمبەرایەتی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-، ودان بنێت بە بەندایەتی وپێغەمبەرایەتی عیسا -عليه السلام-، وباوەڕی هەبێت بەوەی خوای گەورە بە (کن:ببە) ؛ ئەوی هێنایە بوون، وئەو ڕۆحێکە وەکو ڕۆحەکانی تر لەلایەن الله وە خوڵقێنراوە، ودان بنێت بە بێ تاوانی دایکی لەو تۆمەتانەی بۆی دەکرێت لەلایەن جولەکەکانەوە، وباوەڕی بە بەهەشت هەبێت وبەوەی هەق وڕاستیە، وباوەڕی بە دۆزەخ هەبێت وبەوەی هەق وڕاستیە، وئەوان نیعمەت وسزای خوای گەورەن، و لەسەر ئەم بیروباوەڕە بمرێت ؛ ئەوا چارەنووسی بەرەو بەهەشتە ئەگەرچیش کەمتەرخەم بێت لە پەرستنەکان، یان هەندێك لەتاوانەکانی کردبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3417